تیكۆشان، ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران

# ناوەرۆكی خشتەی ئابلۆقە نوێكانی ئەمریكا دژبە رژیمی ئێران

و: علی بهرامی

رۆژی پێنج شه ممه سێههەمی خەزلۆوری ١٣٨٦ كاندو لیزا راییس وەزیری دەرەوەی ئەمریكا لە ووتووێژێكی چاپه مه نیدا رایگه یاند كه ئەمریكا ئابلۆقەی نوێی خستوەته سەر سپای پاسدارانی رژیمی ئێران و وەزارەتی بەرگری و سێ بانكی ئەو رژیمە. رایس كە هاورێ لەگەڵ هنری پالسون، وەزیری وەزیری خەزێنە داری ئەمریكا قسەی دەكرد، وتی: ئەو ئابلۆقانە سەر كۆنە كردنی رژیمی ئێران بەهۆی پشتیوانی كردنی لە رێكخراوە ترۆریستیەكان لە عێراق و رۆژهەلاتی ناوەراست و ناردنی موشەك وهەڵسورانی ناوكەیی.

ئەوەی لە خوارەوە هاتووە ناوەرۆكی تەواوی ئەو ئابلۆقانەن و هەروەها ناوی شیركەت و ئەو كەسانەن كە ئابلۆقەكان دەیان گرێتەوە. ئەمریكا لە بەرانبەر تێكۆشانی ئێران بۆ بەدەست هێنانی چەكی ئەتۆمی و پشتیوانی ئەو رژیمە لە ترۆریزم، دەستی داوەتە چەند هەنگاوی گەورە. ئەم هەنگاوانە ئاشكراكردنی بانك و شیركەت و ئەوكەسانە لەخۆ دەگرێ كە بە شێوەیێك لەگەڵ رێكخراوە مەترسیدارە ترۆریستیەكان پێوەندیان بووە بە گشتی ئەوانە لە قەبارەی ئابووری ئەمریكا بێ بەش دەكا. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا بە پێیێ بەشنامەی (بەخشنامە) ژمارە ١٣٣٨٢ دوو ئورگانی سەرەكی رژیمی ئێران، سپای پاسداران و وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی لە هێزە چەكدارەكان بەو هۆیەی كە لە كارو باری ناوكەیی ئێراندا نیگەرانیان لێ دەكرێ ناویان خراوەتە خشتەی ئابلۆقەكان. جوێ لەوە، وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریكا بە پێی بەشنامەی (بەخشنامە) ژمارە ١٣٣٨٢ ، ٩ ئورگانی سەر بە سپای پاسدارانی رژیمی ئێران و پێنج كەسی سەر بە وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی لە هێزە چەكدارەكان كە لەگەڵ سپای پاسداران دا پێوەندیان هەیە، وەك بانكی میللی وملت و سێ كەس لە رێكخراوەی پێشە سازی ئاسمانی رژیمی ئێران لە ئابلۆقەكاندا داناوە. وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریكا، هێزی قودسی سەر بە سپای پاسداران بە هۆی ناردنی چەك وتەقەمەنی بۆ تاقمی تندرەوی تالبان وباقی رێكخراوە ترۆریستەكان و هەروەها بانكی سادراتی رژیمی ئێرانی بە تاوانی پشتیوانی دارایی لە رێكخراوە ترۆریستەكان خستووەتە خشتەی ئابلۆقەكانی ژمارە ١٣٢٢٤ . ئێستا ئەندامانی سوپای پاسداران و وەزارەتی بەرگری رژیمی ئێران بە خشتەی بریار نامەكانی ژمارە ١٧٣٧و١٧٤٧ ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان زیاد كراون ولە تێكڕای وەلاتانی ئەندام لەرێكخراوەی نەتەوەیە كگرتووەكان داوا كراوە دارایی كە سانێك كە لە خشتەی ئەو بڕیارنامانە ناویان هاتووە دەستی بە سەر دا بگرن و رێگە نەدەن دەستیان بە پشتیوانی دارایی و سەرچاوە داراییەكان بگا. هێزی كارو هەڵسوورانی دارایی كە یەكەم هەیئەتی دیاری كردنی ئیستانداردەكان بۆ رێگە گرتن لە گەیاندنی دارایی بە ترۆریستەكان و جەعل كردنی پوولە رایگەیاند تازەیی مەترسی لە لایەن رژیمی ئێرانەوە رووبەرووی قەبارەی ئابووری جیهانی بۆتەوە. ئەو هەیئەتە داوای لە ئەندامانی خۆی كردووە تا ئەو ئورگانانەی لەگەڵ رژیمی ئێراندا موعامەلاتی ئیقتسادی دەكەن رێ نوێینان بكەن و ئاگاداریان بكەنەوە لەو مەترسیە جید دیانەی لە هاوكاری نەكردی رژیمی ئێران لەگەڵ جامیعەی جیهانی. هەروەها وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریكا ووریایی دایە بانكەكانی ئەمریكا لە پێوەند بەو مەترسیانەی كە لە بوونی رژیمی ئێران هەیە. لە ئاكامی ئەو هەنگاوانەدا، تەواوی موعامەلاتی ئەو ئورگانانە لەگەڵ رێكخراو یا كەسانی ئەمریكایی قەدەغە كراوە و هەرنەوعە داراییێك كە ئەو ئورگانانە لە بەشی قەزایی ئەمریكا سوودی لێ وەرگرن دەستی بە سەردا دەگیرێ. ئەمریكا بە ئیشارە بە نیگەرانی جیددی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوەیە كگرتووەكان لە بەر نامە ئەتۆمی و موشەكیەكانی رژیمی ئێران داوای لە بەشی قەزایی وەلاتانی دیكەی كردووە كە هەنگاوگەلێكی هاوشێوە هەلگرن تا بەو شێوە خاتر جەم بن كە بڕیارنامەكانی ژمارە ١٧٣٧و١٧٤٧ی ئەنجومەنی ئاسایش بە شێوەی گشتی وبەربلاو پەیرەودەكرێ.

هەروەها لەو ئاشكرا كردنانەدا بەشی تایبەتی نێو نەتەوەیی لەمەترسیەكانی هاوكاری ئیقتسادی لەگەڵ سێ بانكی گەورەی رژیمی ئێران و شیركەتەكانی سەر بە سپای پاسداران كە لە چەند بەشی پیشە سازی سەرەكی لە ئێراندا نفوزیان هەیە ئاگادار كردەوە. پشتیوانی دارایی بۆ پەر پێدانی چەك و ئەو ئورگانانەی ناویان هاتووە بە پێی فەرمانی ژمارە ١٣٣٨٢ كە لە ٢٩ ژوئیەی ساڵی ٢٠٠٥ ی زایینی دا لەلایەن سەرۆك كۆماری ئەمریكاوە واژۆ كراوە فەرمانێكە بەمەبەستی راگرتنی دارایی ئەو كە سانەی پەرە بە چەكی كۆمەڵ كوژ و ئەوانەی سەر بەوانن لە بێ بەش كرێن لە دارایی وئیقتسادی ئەمریكا . سپای پاسدارانی رژیمی ئێران ناوەندی دژە سیخوری ئەو رژیمەیە و لەلایەن رێبەری ئەو رژیمەوە ئیدارە دەكرێ، لە پێنج لقی هێزی وشكانی و ئاسمانی ودەریایی وبە سیج و هیزی عەمەلیاتی تایبەتی قودس پێك هاتووە. ئەو ئورگانە جوێ لە ئیدارە كردنی تەواوی زیندانەكان دەستی گرتووە بە سەر رێژێیكی زۆر لە سەر چاوە داراییەكانی رژیم كە بەر هەم هێنانی چەك پینا سازی و پێشەی نەوت لە خۆدەگرێ.

چەند كەس لە فرماندەكانی سپای پاسداران رژیمی ئێران بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ١٧٤٧ ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان ئابلۆقە دەیان گرێتەوە. سپای پاسداران بە ئاشكرنیشانی داوەكە بۆ پەرە پێدانی موشەكی دوور هاوێژەكان كە توانای هەڵگرتنی كلاوەی ئەتۆمیان هەیە هەوڵ دەدا. سپای پاسداران یەكم رێكخراوەی سەربە رژیمە كە بە بەربلاوی دەستی داوەتە تاقی كردنەوەی موشەكی شەهابی سێ ئەو رێكخراوە ساڵی ٢٠٠٦ هەولی دا تا كەرەسەی پێچەلاوپێچ دروست كا كەدەتوانی بەبەرنامەی موشەكە دوور هاوێژەكان و بەرنامەی ئەتۆمییەكانی رژیم كۆمەك بكا.

## وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی هێزە چەكدارەكانی رژیمی ئێران:

وەزارەتی بەرگری و وپشتیوانی لە هێزە چەكدارەكانی رژیمی ئێران كونترلی رێكخراوەكانی پیشەیی بەرگری لەدەست دایە .ئەو وەزارەتخانەیە یەكێك لەو ئورگانەئێرانیانەیە كەلە بڕیارنامەی ژمارە ١٧٣٧ ی ئەنجومەنی ئاسایشی دا باسی لێوە كراوە لە ٣١ ی مارسی ٢٠٠٧ دا، بە پێی فەرمانی ژمارە ١٣٣٨٢ ی هەیئەتی بەرێوە بەری ئەمریكاوە كەوتوونەتە بەر ئابلۆقە.

وەزارەتی بەرگری وپشتیوانی لە هێزە چەكدارەكانی رژیمی ئێران لە نوامبری ساڵی ٢٠٠٠ دا بەهۆی ئەوە دەستی بووە لە برنامە پێشكەوتووە موشەكیە دوور هاوێژەكان بە پێی بڕیاری چاودێری هەناردنی چەك ئابلۆقەی خرا سەر. وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی لە هێزە چەكدارەكانی رژیمی ئێران بە تەواوی دەستی گرتووە بە سەر رێكخراوی پێشە سازی ئاسمانی ئێراندا . رێكخراوی پێشە سازی ئاسمانی رژیمی ئێران بەرپرسی لێكۆلینەوە و پەرەپێدانی موشەكە دوو و هاوێژەكان لەوانە ناوەندی پێشە سازی شەهید هیمەت و شەهید باقریە كە هەردووكیان بە پێی بڕیارنامەی ١٧٣٧ ی ئەنجومەنی ئاسایشی و دوایش بڕیاری ژمارە ١٣٣٨٢ ئابلۆقەیان خستە سەر. وەزیری بەرگری وپشتیوانی لە هێزە چەكدارەكانی رژیمی ئێران بە بەروونی ئیشارەی بەوە كردووە كە رژیمی ئاخوندی حەزی لە پەرەپێدانی موشەكی دوور هاوێژ هەیە. پاسدار مستەفا محمد نەجاروەزیری بەرگری رژیمی ئێران وونویەتی یەكێك لە كارە سەرەكیەكانی وەزارەتی بەرگری وپشتیوانی لە هێزە چەكدارەكانی دروست كردنی موشەكی شەهابی سێ یە و ئەو هەڵسورانە هیچ كات راناگیرێ. نێنەرانی وەزارەتی بەرگری وپشتیوانی هێزە چەكدارەكانی رژیمی ئێران وەك هاوكاری كردنی ئورگانێك كە ناوی لە فەرمانی ژمارە١٣٣٨٢ هاتووە ولە دووساڵی رابردوودا سەر پێچیان كردووە لە داواكاریەكانی موعامەلاتی كە مەواد و كەرەسەی پێوند بە موشەكە دووی هاوێژەكانە.

## بانكی میللی و لق و بەشەكانی:

بانكی میللی گەورەترین بانكی ئێرانە و خزمەتگوزاریەكانی بۆ ئورگانهاییكە كە لەگەڵ بەرنامە پێوەندیدارەكان بە موشەكە دوور هاوێژەكان و گەلالەی ئەتۆمی رژیمی ئێران هاوكاری دەكەن و خراوەتە خشتەی ئەو ئورگانانەی كە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە ئابلۆقەیان خراوەتە سەر. خزمەتگوزاریەكانی ئەو بانكە لەم مانگانەی دواییدا ئەنجام دانی موعامەلات بۆ بانكی سپە وریكخراوەی پێشە سازی بەرگری تاقمی پێشە سازی شەهید هیمەت لە خۆدەگرێ. بانكی میللی لە دوای ئەو ئابلۆقانەی كە بە پێی بڕیارنامەی ١٧٤٧ ی ئەنجومەنی ئاسایش خرایە سەر بانكی سپە هەولی دا تا بە ووریاییەوە خۆی بواردووە لە موعاملە كردن لەگەڵ بانكی سپە لە حالێك دا بانكی میلی بۆ خۆی وەك رێگەیێكی ئیقتسادی كەرە سەهایێكی گرینگی بۆ بەرنامە ئەتۆمی و موشەكیەكانی رژیمی ئێران پەیدا كردووە.بانكی میللی بە ئەنجام دانی ئەو كارە خزمەتگوزارێیكی ئیقتسادی لەلایەن پیشە سازی ناوكەیی و موشەكی ئێرانی بۆ كردنەوەی ئیعتبار نامە و راگرتنی حیسابە بانكیەكانی كردوە. هەروەها ئەو بانكە خزمەتگوزاری بانكی خستوەتە بەردەست سپای پاسدارانی رژیمی ئێران و هێزی قودس خزمەتگوزاری بانكی میللی لە ساڵی ٢٠٠٢تا٢٠٠٤ بۆ ناردنی لانی كەم سەد ملوێن دولار بۆ ئەوەی هێزی قودس كەڵكی لێ وەربگرێ . بانكی میللی لە جەریانی پێدا چوونەوە بە موعامەلاتی سپای پاسدارانی رژیمی ئێران دەستی داوەتە هەڵسوورانی بە لارێداچووانەی بانكی تا بەو شێوەیە دەستیوەردانەكانی خۆی لە سیستمی بانكی نێودەوڵەتی نادیار ولێل نیشان بدا بۆ نمونە بانكی میللی خوازیاری ئەوە بوو كە ناوی لە موعامەلاتی ئیقتسادی نێو نەتەوەیی بسر نەوە.

بانكی میللەت و لق و ئورگانەكانی

بانكی میللەتیش پشتیوانی لە دامەزراوەكانی سەربە بەرنامە ناوكەییەكانی رژیمی ئبْران وەك ریكخراوی وزەی ئەتۆمی و شیركەتی وزەی نوێ خزمەتگوزاری كردوە.

ئەو دوو رێكخراوە بە پێی بە شنامەی(بەخشنامە) ژمارە١٣٣٨٢ و بڕیارنامەكانی ژمارە ١٧٣٧و١٧٤٧ وەك ئەو ناوەندانەی دیكەی رژیم ئابلوقەیان خراوەتە سەر. بانكی میللەت خزمەتگوزاری و پێراگەیشتن بە حیسابە بانكیەكانی وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی هێزە چەكدارەكانی رژیمی ئێران بە زۆری و بە شێوەی رێگەی ئاڵ و گۆڕ و هاسان كاری كردن ئەنجام دەدا. بانكی میللەت ئەو كارانەی پێوەندیان بە هەڵسورانی ملوین دولاری بەرنامەی ئەتۆمی رژیمی ئێرانەوە هەیە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا ئێستا بەرێوە دەبا.

## بانكی سادرات ولق بەشەكانی:

بانكی سادراتی رژیمی ئێران كە نزیك بە٣٢٠٠ لق ودەفتەری هەیە لەلایەن رژیمەوە بەكار دەهێنرێ بۆ یارمەتی گەیاندن بە رێكخراوە ترۆریستیەكانی وەك حیزب الله و تاقمی ترۆریستی حەماس، و جیهادی ئیسلامی كە لەلایەن یەكێتی ئوروپاوە بە تاقمی ترۆریستی ناسراون، بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠١ تا٢٠٠٦ ی زایینی، بانكی سادرات ٥٠ ملوێن دولار بە هاوكاری بانكی ناوەندی رژیمی ئێران و لەرێگەی دامەزراوەكانیان لە لەندەن، ناردوە بۆ لقەكانیان لە بەیروت بە قازانجی حیزب الله. حیزب الله زۆر جار لە رێگەی بانكی سادراتەوە بۆ باقی تاقمە ترۆریستیەكانی تر وەك حەماس ملوێنها پوڵی ناردووە.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ دا حەماس حیسابێكی بانكی زۆری لە بانكی سادرات دا بووە و ساڵی ڕابردووش بانكی سادرات چند ملوێن دولار پوڵی بە حەماس گەیاندووە.

## ئەو شیركەتانەی سەر بە سوپای پاسدارانی رژیمی ئێرانن:

وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریكا ئەو شیركەتانەی كەلە خشتەی خوارەوە هاتوون و بەو پێیەی لەگەڵ سپای پاسدارانی رژیمی ئێران پێوەندیان هەیە، و بڕیارنامەی ژمارە ١٣٣٨٢ دەیان ناسێنێ. ئەو ئورگانانە یا سەر بە سوپای پاسداران یا لە ژێر كونترلی رێبەرانی سوپادان. سوپای پاسداران بە بوونی پێوەندی بە هێز لەگەڵ ئەو شیركەتانە لە بەشی بازرگانی و چاپەمەنی موعامەلاتی ملوێن دولاری دەكات و هێزێیكی سیاسی و ئیقتسادی بەر چاوی لە ئێراندا هەیە. سوپای پاسداران لە رێگەی شیركەتەكانی خۆیەوە هەڵسورانی جۆراوجۆری هەیە بە تایبەت لە مەیدانی نەوتی و پرۆژەی گەورەی بینا سازی لە سەرتا سەری ئێران دا.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا رێكخراوی (بنكەی) خاتەم الانبیا موعاملەی لانی كەم حەوت ملیارد دولاری لە بەشی نەوت وگاز ورێگەو بان دا ئەنجام داوە.

## ناوی ئەو شیركەتانە ئەمانەن:

١ دەفتەری سەرەكیەكانی بینا سازی خاتەم الانبیا. ٢ـ نەوتی ئورینتاڵی كیش. ٣ـ قرب نوح.٤ـ دەفتەری راوێژكاری موهندسیی ساحل. ٥ـ عومرانی ساحل. ٦ـ شیركەتی حرا. ٧ـ ناوەندی پیشەسازی قائم.

## ئەو كەسانەی سەربە سوپای پاسدارانی رژیمی ئێران:

وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریكا، ئەو كەسانەی كە بڕیارنامەی ژمارە ١٣٣٨٢ بەوهۆی پێوەندییان لەگەڵ سوپای پاسداران هەیە خراونەتەی خشتەی ئابلۆقەكانەوە دەیانگرێتەوە، بریتین لەم ناوانە.

یەكێك لەو پێنج كەسەی كە ناویان لە بڕیارنامەی ژمارە ١٧٣٧ ی ئەنجومەنی ئاسایش دا هاتووە و چوار كەسی دیكە وەك كە سایەتیەكانی سەرەكی سوپای پاسدارانی رژیمی ئێران ناویان لە رەش نووسی بڕیارنامەی ژمارە ١٧٤٧ ی ئەنجومەنی ئاسایش دا هاتووە. ١ پاسدار حوسێن سەلیمی، فەرماندەی هێزی هەوایی سوپای پاسدارانی رژیم. ٢ پاسدار مورتەزا رەزایی، جێگری فەرماندەی سوپای پاسدارانی رژیم. ٣ عەلی ئەكبەر ئەحمەدیان نوێنەری فەرماندەی هێزی دەریایی و سەرۆكی پێشووی ناوەندی هاوبەشی سوپای پاسدارانی رژیم. ٤ پاسدار محەممەد حیجازی، فەرماندەی پێشووی بەسیج. ٥ پاسدار قاسم سولێمانی، فەرماندەی هێزی قودس.

## ئەوكەسانەی كە سەربە بەبرنامەی موشەكی دوورهاوێژی رژیمی ئێرانن:

وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریكا بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ١٣٣٨٢ ، كەسانێكی كە پێوەندیان لەگەڵ رێكخراوی پێشەسازی ئاسمانی، كە پێشتر لەو بڕیارنامە ئەو بەشنامەوە ناویان هاتووە، بە هۆی دەستیۆەردان لە بەرنامەی موشەكی رژیمی ئێران لە خشتەی بڕیارنامەی ژمارە ١٧٣٧ ی ئەنجومەنی ئاسایش وە ناویان هاتووە.

١ئەحمەد وەحید دەستگردی، سەرۆكی رێكخراوی پێشە سازی ئاسمانی.

٢ رەزا قولی ئیسماعیلی، سەرۆكی پێوەندی بازرگانی و كاروباری نێودەوڵەتی بەشی پێشە سازی ئاسمانی.

٣بهمنیار مورتەزا بهمن یار، سەرۆكی بەشی دارایی و بوجەی رێكخراوی پێشە سازی ئاسمانی.

پشتیوانی لە ترۆریسم بە پێی بڕیارنامەی ژمارە ١٣٢٢٤ بەشنامەی ئیجرایی ژمارە١٣٢٢٤ بەلگەیێكی گرینگە كە بە مەبەستی راگرتنی دارایی تاقمە ترۆریستەكان و لاینگرەكانیان و پچڕانی پێوندیەكانیان لەگەڵ سیستمی ئیقتسادی و بازرگانی ئەمریكا، بڕیاری لە سەر دراوە. بە پێی ئەو بەشنامە، موعامەلە كردن لەگەڵ ئەو تاقم وكەسانەی كە ناویان هاتووە لەلایەن ئەمریكایەكانەوە قەدەغە كراوە و هەر شێوە داراێیكی ئەو كەسانەی ناویان هاتووە ئەگەر لە دەسەلاتی دەرەوەی ئەمریكا دا بێت ڕادەگیرێ.

## هێزی قودس، بەشێك لە سوپای پاسدارانی رژیمی ئێران:

هێزی قودس كە بەشێكە لە سوپای پاسدارانی رژیمی ئێران، هاوكاری تالبان، حیزب اللەی لوبنان، حەماس، تاقمی فلستینی جیهادی ئیسلامی و بەرەی ناسراو بە ئازادیخوازی فلستین دەكا.

هێزی قودس ناوەندێكی سەرەكی رژیمی ئێرانە كە بۆ هاوكاری گەورە بە تالبان دەكا و هاوكاری ماددی و دابین كردنی چەك بۆ بەربەرەكانی ئەمریكا و هێزەهاوپەیمانەكانی لە ئەفغانستان دەكا. رژیمی ئێران لانی كەم ساڵی ٢٠٠٦ تا ئیستا، باری چەك و چۆلی بۆ تاقمی تالبان ناردووە. ئەو شێوە پشتیوانیانە بەشی حەوتمی بەندەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان پێ شێل دەكا. بڕیارنامەی ژمارە ١٢٦٧ ی رێكخراوەی نەتەوەیە كگرتووەكان، ئابلۆقەی لە سەر تالبان و بڕیارنامەی ژمارە١٣٣٣و١٧٣٥ فرۆشتنی چەك بە تالبان قەدەغەدەكا.بە پشتیوانی نیزامی هێزی قودس لە تاقمی تالبان، ئێران هەوڵ دەدا زیان بە هێزەكانی ئەمریكا و ناتۆ بگەێنێ. هێزی قودس لە پشتیوانی كردنی تاقمی حیزب اللە و هەڵسورانی ترۆریستەكانیان، بە هاوكاری دارایی و چەك و سیخوری مێژوێیكی دوور ودرێژی هەیە. هێزی قودس لە(دەرەی بەقاع) لە لوبنان، بنكەی بار هێنانی نیزامی بۆ حیزب اللەی لوبنان داناوە و بە پێی ڕاپۆرتەكان، زیاتر لە سێ هەزار كەسی سەر بە حیزب اللەی لە ئێران بار هێناوە. هێزی قودس لە ساڵدا زیاتر لە سەدتا دووسەد ملوێن دولا هاوكاری دارایی دەدا بە حیزب اللە و بە پێشێل كردنی رێكەوتننامەی ژمارە ١٧٠١ ی ئەنجومەنی ئاسایشی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، پشتیوانی نیزامی لە حیزب اللەی لوبنان دەكا.جیا لەوانە، هێزی قودس پشتیوانی نیزامی، وەك دانی چەك، بار هێنان، پوول و رێنوێنی بە تاقمە توند رەوەكانی شێعەی عێراق دەكا تا هێرش بكەنە سەر هێزی هاوپەیمانان و هێزەكانی عێراقی.

## خشتەی ناوی شیركەتەكان و كەسەكان:

ناوەندەكان:

١ بانكی سادرات ی ئێران(تەواوی لق و بەشەكانی دەرەوەی وەلاتی ئەو بانكە لەگەڵ لقی ناوەندی) ٢ـ سوپای پاسدارانی رژیم.٣ـ هێزی قودسی سوپای پاسداران.٤ـ وەزارەتی بەرگری و پشتیوانی هێزە چەكدارەكانی رژیم.٥ـ بانكی میللی ئێران(تەواوی لەقەكانی دەرەوەی وەلات لەگەڵ لقی ناوەندی)٦ـ بانكی كار دۆزییەنەوە(تاران شەقامی مەولەوی، مەیدانی محەممەدیە، پلاكی ٥٨٧)٧ـ بانكی میللی ئێران zao (مسكۆ ـ روسیە)٨ـ بانكی میللی (لەندەن ـ بریتانیا)٩ـ بانكی ئاریان(دامەزراوەی هاوبەشی نێوان بانكی سادرات و میللی كابل ئەفغانستان.١٠ـ بانكی ملت(تەواوی لقەكانی دەرەوەی وەلات لەگەڵ لقی ناوەندی)١١ـ بانكی ملت(ئیروان ـ ارمنستان)١٢ـ بانكی نێو نەتەوەیی پرشیا(بریتانیا) ئەو ناوەندانەی سەربە سوپای پاسدارانی رژێمن:١٣ـ ناوەندی بەرهەم هێنانی خاتەم الانبیا(تاران)١٤ـ شیركەتی نەوتی رۆژهەلات ـ كیش(تاران و دبی)١٥ـ بنكەی دروست كردنی كەربەلا(تاران) ١٦ـ شیركەتی موهەندیسی سپاساد(تاران)١٧ـ قرب نوح(تاران)١٨ـ شیركەتی عومرانی ساحل(تاران)١٩ـ شیركەتی موهەندیسی جێگری ساحل(تاران) ٢٠ـ دامەزراوەی حرا(تاران) ٢١ ـ بنكەی دروست كردنی قائم(تاران)

ئەو كەسانەی سەربە رێكخراوی پیشە سازی هەوایی(سەربە وەزارەتی بەرگری)

١ـ مورتەزا بەهمینبار٢ـ ئەحمەد وەحید دەستگردی ٣ـ رەزا قولی ئیسماعیلی

## ئەو كەسانەی سەربە سوپار پاسدارانی رژیمن:

١ـ مورتەزا رەزایی ٢ـ محەممەد حجازی ٣ـ عەلی ئەكبەر ئەحمەدیان٤ـ حوسین سالمی٥ـ قاسم سلێمانی